# هاوێرکردن لە شادەماری خوێنماندایە[١]

لەسـەرەتای چێکردنـی کەونوکارا، جیاکاری و جیاوازی لەنێوان مرۆڤەکانـدا هەبـووە. قابیـل لەســەر جیـاوازی ئایـدیا و ڕوانـین و توانـای قبوڵنـەکـردن و لێکتێنەگەیشـتن هـابیلی بـرای کوشـت و هەفتەیـەک بەکۆڵییـەوە بـوو، تـا چـاوی لـە قەلــەڕەش کــرد و ئەســپەردەی کــرد، بەدرێژایــی مێــژووش ڕووداوە گەورە و ئاریشـــەکانی وێرانکـــەرەکانی جیهـــان، لەســـەر بیـــروڕای دژ بەیەک و قســـەی پاڕادۆکس دروست بوون.

ئێمە، میللەتێکی جیاوازین، جیاواز لە جیاوازیی ئەوانی دیکە، ڕێکی و کۆکی و تەبایی هاوتای نەبوونییە. هیچ پرسێک نییە، یەک بۆچوونی لەبارەیەوە هـەبێ، بۆ وێنـە: پرسـی نەتەوایـەتی، نیشـتیمانی، ئـاینی، کۆمەڵایـەتی، فەرهـەنگی، کولتـووری. کورد، لەم نێوەندەدا تەواو قاڵبۆتەوە و لە هیچ شتێکدا هاوبیر و هاوبۆچون نییە.

هاوێرکردن لە شادەماری خوێنماندایە، لەنێو دینەکانی دونیادا، دینی ئیسلامی بـە کولتـور بۆماوەتـەوە، لـە نێو ئیسـلامدا، گیـرۆدەی دەسـتی شیعە و سـوونەیە، لــەنێو شـیعەدا گیـرۆدەی تیـرە جیاوازەکانــە. لــەنێو سـوونەدا، گیـرۆدەی چـوار مەزهەبـە، لــەنێو مەزهەبــەکان، گیــرۆدەی تیرەکانــە، لــەنێو حــەوت ســەد تیــران گیــرۆدەی باڵەکانــە. ئــەم تەریقــەتی نەقشــبەندی و ئــەو تەریقــەتی قــادری، ئــەو بەرزنجـەیی و ئـەم کەسـنەزانیی، ئـەم هەقـەیی و ئـەو مامـەڕەزایی، گشـتی یـەک کتێبیان قبوڵە و هەزاران جیاکاریان تێدایە، کەس نـاپێوێ بەڕبـەی کـەس، هـەمووی تیر لەیەکدی دەسوێ و ڕەفزی بەرانبەری دەکا.

لەســـەردەمانی پێشـــووی دەســـەڵاتدارییەتی عوســـمانییەکان و فـــەرمانڕەوای ئێرانییەکان، کورد بەسەر دووبەرە دابەشبوون، لایەنگری و هاوپشـتی ڕۆژهـەڵاتی کوردســتان بـۆ ســەفەوییەکان و هەماهــەنگی و هاوکـاری کـوردانی کوردســتانی ڕۆژئاوا بۆ عوسـمانییەکان، بێ لەبـەرچاوگرتنی هەسـتی ناسۆنالیسـتی و هەوڵدان بۆ یەک پارچـەیی کوردسـتان و یـەک دەسـەڵاتی. مێنـەڵێتی هـۆز و خێڵ و تایفـە و

---

(١) ئەم وتـارە لە لاپەڕە ١٦ی هەفتەنـامەی وشـە، ژمـارە ٢٢٠، چوارشـەممە، ٢٤ی کـانوونی دووەمـی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.

تیرەکان، لەبەرژەوەندی خۆیان مژیلیاندەکرد، چۆن و بەچی شێوەیەک سوود و قازانجیان زیاتر بوایە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی خاکی کوردستان، کارەکانیان ڕایی دەکرد، هاوێرکردن "جیاکاری" لە شادەماری خوێنیاندابوو. ناوچە و ناوچەگەری لەنێو هزرییەتی تاکی کوردیدا باو بوو، هەمیشە ئارەزووی دژایەتی یەکدییان دەکرد. کۆمەڵی بەرانبەر، سوودیان لە گۆل و گۆمی ئاو وەرگرتبوایە و ئەوان سوودیان لێوەرنەگرتبوایە، گۆل و گۆم و بەستە ئاوەکەیان تێکدەدا و ئاوەکە بەبێ سوود ڕێی دەکرد، ئەمە زهنیەتی کوردە. ئەوەی بۆخۆی دەخوازێ، بۆ کەسی ئەوبەر ناخوازێ. مێژوو، بە مرۆتێر ئەم باسانەی لەخۆگرتووە و فاکتەری گرنگی بنێسی ترومی کورد بووە. تاکی نێو خێڵێکی کوردی ئامادەبووە سیکار بکا و میلی تفەنگەکەی ئاراستەی تاکی خێڵی دراوسێی بکا و کردەیەکی تاماسی نەرێنی ڕۆح سەندن ئەنجامبدا. لەکاتێکدا، هێرشی دەرەکی دوژمنان ڕووی لە ناوچە کورد نشینەکان کردووە. ئەوان ناخوزان، بەرەیەکی بەهێزی دژە دەرەکی دروست دەکەن، بەڵکو دەخوازن هۆزی دراوسێیان لەنێوبەرن.

هاوێرکردن بەردەوامە، دژ و جیاوازین

هاوێرکردن لە شادەماری خوێنماندایە، لەنێو نووسەراندا، نووسینی نووسەرێ هەڵدەبژێرێ، دژی نووسینی نووسەرەکەی بەرانبەریەتی، ئەم ئاراسی و ئەو بەختیاریی و ئەم مەریوانییە، بێ تێگەیشتن و ڕۆچوونە نێو جەوهەری نووسین و باسەکە، بابەتەکە ڕەفز دەکا و وەک سووتوو سەیری دەکا و ئەرزشی بۆدانانێ.

هاوێرکردن لە شادەماری خوێنماندایە، کورد بەدوای پاڵپشتی دەرەکیدا دەگەڕێ، ئەم دەگەڵ تورکیا، ئەو دەگەڵ ئێران، ئەم دەگەڵ سعوودییە، ئەو دەگەڵ ڕووسیا، ئەم دەگەڵ ئەمریکا و ئەو دەگەڵ فەڕەنسا، پەیوەندییان هەیە، لەنێوخۆدا لەگەڵ جوولاندنی لەلایەن وڵاتی پاڵپشتەوە، دژی کوردە هاوخوێنی و هاوخاکی و هاو ڕەگەزی و هاوئاڵایی دەوەستێ.

هاوێرکردن لە شادەماری خوێنماندایە، لەنێو میللەتێکی مێژوویی پێنج ملیۆنی، دەیان دەیان حیزبی سیاسی هەیە. ئەم حیزبە، چەندین ڕەوتی تێدایە، ئەم ڕەوتانە چەندین ڕێچکەیان هەیە، ئەم ڕێچکانە ئایدیای جیاوازیان هەیە. ئەو حیزب، دەیان

باڵی تێدایە، هەر باڵەی دەیان تیکە باڵی تێدایە، هەر تیکە باڵێ، ڕێگەیەکی هەیە، هەر ڕێگەیەک خۆی پاڵەوانی ئەرزە. بەخاتر بوونی پاشناوی بنەماڵە و هۆز، پلە و پێگە و مەقامی باڵا وەردەگرێ، تاکە باسەوادەکەش وەک چریکەی دەنگی باڵندە کێوییەکان، تەنیا دەنگیان هەیە و کاریان بۆ ناکرێ. ڕوانینەکانیان: ئەم دەڵێ قوتابی، ئەو دەڵێ خوێندکار، ئەم دەڵێ فێرخواز، ئەم دەڵێ خوێندنگا، ئەو دەڵێ قوتابخانە، ئەم دەڵێ فێرگە. ئەمان ئافرەتان بەکاردەبەن، ئەوان ژنان، ئەمان خوشکان وەکاردێنن. ناحیە لای ئەم "شارەدێ"یە، لای ئەم "شارۆچکە"یە. ئارۆ، ئەوان لەدەرد و ژان ئەتلێنەوە و منیش خەریکە ئەتوێمەوە.

هاوێرکردنی نێو تاکەکان، بەرانبەر تەوای پرسە جیاواز و چارەنووسسازەکان، ماڵوێرانی و بەدبەختی و کارەساتهێن و نەگبەتی بۆ میللەت دەهێنێ. تکایە، لایەنی کەم، لەپرسە نیشتیمانییەکان، لە پرسە گرنگەکانی داهاتوو، یەک بڕیار و یەک دەست بن، خەمی داهاتووی کورد و کوردستانتان بێ، بەهۆی تاکێکەوە داهاتووی کورد مەفەوتێنن و ڕێگە و ڕێبازی خراپ و مێژووی ڕەش لەدوای خۆتان وەجێمەهێڵن.

هاوێرکردن لە شادەماری خوێنماندایە، مانای ڕێگەنەدان و کلیلدانی تێڕوانین و دیدگا و ڕوانینی جیاواز و لە قاڵبدانی هزری مرۆڤ نایەت. مەبەست جیاوازییە لەدژی بەرانبەر.